ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

## خێراکردنی ویندۆز XP. ڕێگەی دووەم.

نووسەر: @:

ڕێگەی دووەم بۆ خێراکردنی XP Windows ، ئەم خێراکردنە زۆرتر کاریگەری دەبێت لەسەر لیستەی Start و پرۆگرامەکان ولیستەکانی دیکەی نێو ویندۆز، خێراتر دەکرێنەوە.

هەنگاوەکان:

کرتە بکە سەر Start و پاشان RUN، لە نێو پەنجەرەی Run دا بنووسە Regedit و پاشان OK کرتە بکە




پاشان پەنجەرەی ریجیستری کۆمپیوتەرەکەت بۆ دەکرێتەوە، لە بەشی چەپی پەنجەرەکەدا کرتەیەک بکە سەر هێمای کۆ + لەتەنیشت HKEY_CURRENT_USER پاشان لیستەکە درێژدەبێتەوە بۆ خوارەوە، لە نێو لیستەکەدا جارێکی دیکە کرتە بکە سەر + ی تەنیشت Control Panel و لەخوارەوەی کرتەیەک بکەسەر Desktop (شینی بکە)،



ئێستا لە بەشی ڕاستی پەنجەرەکەدا زۆر شت دەبینین، خاڵی MenuShowDelay بدۆزەوەو پاشان دووجار کرتە بکە سەر، پەنجەرەیەکی بچووک دێتە پێشەوەو لەنێوی دا 400 نووسراوە (ئەگەر پێشتر نەگۆڕدرابێت)،




ئێستا ئەو نرخە دەگۆڕین و دەیکەین بە 0




پاشان OK کرتە بکە.

پێشنیار: بۆ ئەوەی بەباشی هەست بەخێرابوونی کۆمپیوتەرەکەت بکەیت پێم باشە بیکوژێنیتەوەو جارێکی دیکە هەڵیکەیتەوە.

کۆتایی.

Oct 2005 13

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت